# ڕوونكردنەوەیەك لە ڕێكخراوی هاریكاری و گەشەپێدانی دیموكراسی لە كوردستان بۆ هەموو ئەوانەی بە جنێو وەڵامی سەرۆ قادریان دایەوە

ڕۆژی 15/ 2 / 2007 بە بۆنەی دەست بەكاربوونی ڕێكخراوەكەمان ، مێزگردێكی كراوەمان بۆ ڕۆژنامەنووس و نووسەر ( سەرۆ قادر ) لەژێر ناونیشانی ( شەفافیەت لە نێوان حكومەت و هاووڵاتیان دا ) لە هۆڵی هوتێلی هەورامان سازكرد. لەبەر ئەوەی ئەم چالاكییەمان بەبۆنەی دەست بەكار بوونمان بوو، بۆیە هەوڵمان دا ئەوانەی ئامادە دەبن خەڵكێكی نوخبە بن و ئەوانە بن كە بایەخ بەو بوارە دەدەن ، مێزگردەكە كراوە نەبوو بۆ هەموو كەسێك هەر بۆیەش ئەم بەڕێزانەمان بە كارتێكی تایبەت داوەت كرد كە لۆگۆی ڕێكخراوەكەمانی لەسەر بوو . كاتژمێرێك بەر لە دەست پێ كردنی مێزگردەكە بەڕێز (نەبەز گۆران) لەگەڵ چەند كەسێك هاتە ناو هوتێلی هەورامان و لە كاتی دەست پێ كردنی مێزگردەكە بێ ئەوەی لەلایەن ئێمەوە دەعوەت كرابێت چ بە زارەكی یاخود بە كارت، هاتە ژوورەوە و دانیشت ، ئێمەش نەمانویست هەستی بریندار بكەین و لە گفتوگۆكانی مێزگردەكە بێبەشی بكەین و بەلامانەوە گرنگ بوو وەكو ڕۆژنامەنووسێكی گەنج ،لەو باسەی ئێمە گفتوگۆیەكی بە سوود بكات .

لە سەرەتای مێزگردەكە كە لەلایەن ڕۆژنامەنووس ( عبدالرزاق علی) بەڕێوە دەچوو ، ئاماژەی بەوە كرد كە بەڕێز سەرۆ قادر لە نیو كاتژمێر قسەكانی خۆی دەكات و كاتی گفتوگۆش بۆ هەر كەسێك سێ خوولەك دەبێت و لە كاتێكیش ئەگەر قسەكانی كاك سەرۆ درێژەی كێشا لە كاتی گفتوگۆ زیاد دەكەین . ئەوە بوو لەدوای ڕەت بوونی نیو كاتژمێرەكە، نەبەز گۆران لە شوێنی خۆی هاواری كرد و داوای كرد كە كاك سەرۆ درێژە بە باسەكەی نەدات!! لە وەڵامدا كاك سەرۆ پێی گوت (دەتوانی گوێم لێ ڕانەگریت و بچیتە دەرەوە) ، بەڕێز نەبەز گۆرانیش لە شوێنەكەی هەڵسا و لەو كاتەی بەرەو ڕووی كاك سەرۆ دەهات پێی گووت ( تۆ گەندەڵی و خۆشت ڤایرۆسەكەی ) ئەویش داوای لە پاسەوانەكەی كرد ( كە بێ چەك بوو ) تا بەر دەرگای هۆڵەكە بیبات ، ئەویش تا ئەوێ یاوەری بوو، زیاتر نا، بە پێچەوانەی ئەو قسەیەی كاك نەبەز لە ووتارەكەی لە سایتی (كوردستانیوز) كەگوایا سەرۆ قادر گوتوویەتی بیگرن بەڵام پاسەوانەكەی نەیگرتم ، لەو ڕووداوەش ئێمە هیچ قسەیەكمان نەكرد چونكە جگە لەوەی دەعوەتیشمان نەكردبوو بەڵام ئێمە هەر ڕێزمان لێ گرت و ، ڕێگامان پێدا بێتە هۆڵەكە ،ئەگەرچیش بە ڕوونی هەستمان كرد كە تەنها بۆ گێرەشێوێنی و تێكدانی مێزگردەكە هاتبوو، ئەوانەی كە لەو مێزگردەش ئامادەبوون بە جیاوازی بیروبۆچوون و لایەنی سیاسیی‌یان شایەتحاڵی ئەو ڕاستیەن.

چەند ڕۆژێك دوای ئەم چالاكیەمان لە ڕۆژنامە و سایتەكان هێرشێكی توند كرایە سەر بەڕێز سەرۆ قادر و بێ ویژدانانە ناو و ناتۆرەو چەندین بوختانیان بۆ هەڵبەست كە هەمووشی پەیوەندیدار بوو بەو مێزگردەی ئێمەوە، لە سەرەتا بێ دەنگیمان لێی كرد، بەڵام كە زانیمان وەكو بەشێك لە گەمەیەكی سیاسی و پیلانێكی پێشوەختە داڕێژراو هەوڵ دەدرێت ئامانجێكی ناشەریفانە بپێكێت ، بۆیە ئەم ڕوونكردنەوەمان بە پێویست زانی و ئەوەشی كە دەگوترێت سەرۆ قادر سیفەتی (سەگ) ی داوە بە میللەتی كورد دوورە لە ڕاستی و ئەگەر وابوایە ئێمە یەكەمین كەس دەبووین كە لە دژی ڕادەوەستاین ، بەڵكو بۆ مێژوو دەیڵێین هەموو قسەكەی ئەوەبوو : ﴿ گەندەڵی ئەوەندە قووڵ بۆتەوە ،خۆ خەڵك سەگ نیە تا لە ناو قوڕ و لیتاو دا هەڵسێتەوە و بە تەكانێك خۆی پاك بكاتەوە، بەڵكو سارێژبوونی برینی خەڵك كاتی دەوێت و گەندەڵیش بینا كردنەوەی دەوێت ﴾.

ئەگەر ئەو ئیدیعایەش ڕاست بووایە لانی كەم خۆ گەرماوگەرم لەلایەن ئامادەبووانی بەڕێزی مێزگردەكە وەڵام دەدرایەوە بە پەیامنێرەكەی (كوردستان ڕاپۆرت) یشەوە كە ئەویش بێ دەعوەتی ئێمە لەگەڵ كاك نەبەز ئامادەبوو.

چەند ڕۆژێك بەر لە ئێستا بە نوسراوێكی ڕەسمی خۆمان سوپاسی بەڕێز سەرۆ قادرمان كرد كە وەك بەشێك لە دەسەڵات بەوپەڕی جورئەت و شەفافیەتەوە هات و پەنجەی لەسەر لایەنە گەندەڵەكان دانا و وەكو كەسێكی دیموكراتخواز ڕەخنەی لە دەسەڵات گرت. پێمان وابوو سەرۆ لە سەر قسەكانی لەلایەن دەسەڵاتەوە ڕەخنەی لێ دەگیرێت كە خۆشبەختانە وا نەبوو، بەڵكو بە داخەوە لەلایەن ئەو كەسانەوە هێرشی كرایە سەر كە بەناوی دیموكراسیەتەوە قسە دەكەن و ڕەخنە دەگرن.

دووبارە سوپاسی بەڕێز سەرۆ قادر دەكەین و ئەم ڕوونكردنەوەشمان تەنها بۆ دەرخستنی ڕاستیەكانە كە پێمان وایە بەشێكی زۆری پەیوەست بوو بە ئێمەوە ئەگینا ئێمە پارێزەری ئەم بەڕێزە نین.


**ڕێكخراوی هاریكاری و گەشەپێدانی دیموكراسی لە كوردستان**

CDDOK


هەولێر 22/ 02 / 2007